

# تاڵەبانی، پیاوە ژیرەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

## لە پەراوێزی ووتەکانی جەلال تاڵەبانی لە مەراسیمی چلەی دارۆی شێخ نووری دا

**جمال محسن**

jamal_muhsin@yahoo.com

**لەمەراسیمی 40ی داروی شیخ نوریدا، سکرتیری یەکیتی نیشتمانی کوردستان ووتاریکی پیشکەش کرد، کە لە کورستانی نوی بەرواری 7/12بلاوکرایەوە. ووتارەکەی تاڵەبانی چەندین مەسەلەی ورووژاندووە، لە پەیوەند بەوەزعی سیاسی ئیستای عیراق و کوردستان و سیاسەتی یەکیتی نیشتمانیەوە، کە قسەوباسی جدی هەڵدەگرێ. بۆیە بە پیویستم زانی لە چەند بەشدا وەڵام بەچەند لایەنێکی ئەو مەسەلانە بدەمەوە.**

### بەشی یەکەم

سەرەتا ئەوە بڵێم کە من نامەوێ باسی هەڵە زمانەوانی‌یەکانی ئەم ڕابەرەی ناسیۆنالیزم fکەم تەنها ئەوەندە نەبێت، کە هەر کەسێك قسەکانی ئەو ببیستێ یان بخوێنێتەوە، ئەوەی دێتە بەرچاو کە چەندێك شپرزەو تەنانەت زمانی تەتەڵە ئەکات! وە خۆشی نازانێت چۆن لەباسی یادکردنەوەی کادرێکی خۆیەوە، بچێتە سەر باسی پاساوەکانی بۆ سەردانەکەی تورکیای، هاوپەیمانی بۆ ئەمریکا، توندو تۆڵی پەیوەندی‌یەکانی لەگەڵ شیعەو بوونی لەناو حکومەتی کاتی‌و مسەلەی کوردو زۆر شتی تر. ڕەنگە

قسەکانی ئەو لە زۆر شوێندا قسە هەڵبگرن بەڵام من چەند لایەنێکی بە نموونە ئەهێنمەوەو قسەی لەسەر ئەکەم.

## سەرکەوتنەکانی تاڵەبانی هێشتا هەر دەڵەمەن! و حەزیشی لە موزایەدە نی‌یە!

تاڵەبانی ئەڵێ: "....بەڵام ئەو ڕاستی‌یەشمان نابێ لەبیر بچێ کە سەرکەوتنەکانمان زۆریان هەر دەڵەمەن" .... (خەتی تەئکید هی منە)، وە دواتر ئەڵێ ..." گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهاتوو ئەمەیە کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا حزبێکی سیاسی بەروبوومی خەباتەکەی دەداتە میللەتەکەی و بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی میللەتەکەماندا حزبێکی سیاسی بەسەربەرزی لە کۆڕی خەبات دێتە دەرێ....." وە "هیوادارم کەس موزایەدە بەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەکات‌و ناچارمان نەکات لاپەڕەکانمان هەڵدەینەوە....."

جارێ ئەم قسەیە زۆر خۆشە "سەرکەوتنەکان هەر دەڵەمەن"!! من ڕاستی‌یەکەی خۆمم پێ نەگیرا قاقایەکی گەورە لێ نەدەم. حکومەتێ کە 12 ساڵ لەمەوبەر کە لایەکی سەرەکی پێکهاتەکەی یەکێتی نیشتمانی بوو، پێی نەگرتبوو، وە تووشی ئێسکە نەرمەیەك بووبوو کە هەر پێی نەگرت! کەچی ئێستا ئەوەش‌و بەمەی لە نێو عێراقیشدا بە قسەی خۆیان بەدەستیان هێناوە دەڵەمەیە. جا مەعلومیش نی‌یە ئەم دەڵەمەیە کەی پێ ئەگات؟!! پاشان تاڵەبانی گەر بچێتە کۆبوونەوەیەکەوە لەگەڵ مەسعود بارزانی، چۆن جەرائەت ئەکات دیفاع لەم قسەیەی خۆی بکات کە تەنها ئەمانن بەسەربەرزی لەکۆڕی خەبات هاتوونەتە دەرەوە؟! ئایا شەرمنۆکانە ناوەستێ‌و بڵێ "کاك مەسعود، مەبەستم بەڕێزتان نی‌یە،و ئێوە لە بابتانەوە سەروەریتان تۆمارکردووەو براگەورەن"؟!!! ئەمە سیفەتێکە کە لە تاڵەبانی ئەوەشێتەوەو نموونەی ئەو دانیشتنانەی زۆرن کە لەبەردەم بارزانیدا بچوك بۆتەوە! من خۆم حەز ئەکەم تاڵەبانی بێت‌و مێژووی یەکێتی هەڵبداتەوە، وە هەموو خەڵکی کوردستانیش ئەو مێژووەو مەلەفە جۆراو جۆرەکانیان هەڵبداتەوە. بزانین ئەو خەباتەی کە باسی ئەکات چی‌یە؟ ئەو کات هەمووان بە ڕۆشنی بۆمان دەرئەکەوێت، ئەوە تاڵەبانی‌یە کە چەند ساڵە موزایەدە بە خەڵك‌و مافەکانیانەوە ئەکات یان نا؟ تۆ بڵێی ئەو ئەوەندە لێهاتوو بێت، ئەو هەموو سات‌و سەودایەی کە یەکێتی (وە هەتا پێش پێکهاتنی یەکێتیش)، بە سەرۆکایەتی تاڵەبانی خۆی، بە چارەنووسی چەندین ساڵەی خەڵکی کوردستانەوە کردوویەتی‌و داویەتی بەبەردو داردا، بکات بە خەبات‌و تێکۆشان؟! ئەو هەموو خوێنەی لاوی خەڵکی بێبەش‌و ستەملێکراوی خەڵکی کوردستان کە تاڵەبانی جارێك لە شەڕی لەگەڵ بەعس کە بۆ شەریکە بەشی کردوویەتی‌و جارێکی تر بۆ خۆشخزمەتی بەعس لە مفاوەزاتەکاند لە شەڕی گەڵ حزبەکانی تری شاخ‌و هەر ئەو برایانەی کە گوایە ئەیەوێ ئێستا دڵیان ڕاگرێ، ڕشتوویەتی تەنها کورسی‌یەکەی خۆی پێ گەرم‌و گەرمتر کردووە. حەزی خەڵك بۆ کۆتایی هاتنی ستەم‌و ڕزگاربوون لە ژێر دەستەیی‌و پلە دوویی، زۆر جیاواز بووەو جیاوازە لە مەرامەکانی ئەم سەرکردە بۆرژوازی‌یەی کورد. ئەو هەمیشە وەك ڕابەرێکی ناسیۆنالیستی خۆی بەو خواستەی خەڵکدا هەڵواسیوە تا بتوانێت بەرەو ئامانجەکانی خۆی لە گەیشتن بە دەسەڵات یان وەرگرتنی بەش لە لای بەعسدا ئاڕاستەی بکات. ئەو لەبەرامبەر هەموو ئەو کەسانەو

خێزان و کەس و کاریشیاندا بەرپرسیارە. گەر هەر ئێستا دادگایەکی ئاشکرای عادلانەی خەڵك لە ئارادا بێت، تاڵەبانی ئەبێ لە قەفەزەکەیدا بوەستێ و وەك صدام لە مشوری پارێزەردا بێت! ئەوە تاڵەبانی و حزبەکەی نیە کە خەڵك ئەبێ مەمنوونی بن گوایە بەروبومی خەباتەکەی داونەتێ. بە پێچەوانەوە ئەوە یەکێتیە کە بەسەر لاشەی خەڵکی کوردستان و بەسەر جەرگی سووتاوی دایکان و باوکان و بەسەر نانی دەمی منالاٌندا، وەك پلە سەرکەوتووە بۆ دەسەلاٌتداریێتی! چ دەسەلاٌتداریێتیەکیش؟! من لە دواتردا دێمە سەر ئەم لایەنە. بۆیە ئەمە بانگەوازێکی باشە بۆ خەڵك کە لاپەڕە ڕەشەکانی تاڵەبانی هەر لە 1966ەوە، هەر لە مفاوەزاتی 83 و 84 ەوە تاکو وەستانەوە لە دژی خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی 84 و هەوڵی سارکردنەوەو لەباربردنی نارەزایەتیەکەیان، هەتا ڕاکردنەوە بۆ بەغدا لە ساڵی 91 دا لە کاتێدا کە خەڵك لە دژی ڕژێم ڕاپەڕیبوون و هەتا حاکمیەتی 12 ساڵی ڕابردوویان،....هتد هەڵبدەنەوە و وەك پەڵەی ڕەشی ناو کۆمەڵگای کوردستان و وەك تاوانی ئەوان ڕیزبەندیان بکەن! ئەوان چەند ساڵەی تەمەنی سیاسیان ئەوە بووە کە خەڵك بە پەل بەستراوی جارێك تەسلیمی بەعس و جارێك تەسلیمی جمهوری ئیسلامی و جارێکیش تورکیا بکەن. ئەمەی تاڵەبانی لە دژی خەڵك ئەنجامی داوە، داستانی بێ ئیرادە کردن و سەرکوتکردن و لە خشتە بردنی خەڵکە نەك سەروەری. ئیتر تاڵەبانی بۆچی و موزایدەی چی بەسەر خەڵکی کوردستانەوە ئەکات؟! ئێستاش کامە دەستکەوت کە داوتە دەست "میللەت"؟ ئەوەی تەسلیم بە تەکیەکەی یاوەرو عەلاوی کۆنەبەعسی ومەرقەدەکانی سیستانیت کردوون؟!

لە درێژەی قسەکانیدا تاڵەبانی باس لەوە ئەکات کە " دەسکەوتێکی گەورە جگە لە ڕزگاربوونی بەشێك لە کوردستان کە دوانزە ساڵ بەهۆی پارێزەری هاوپەیمانان بە تایبەت ئەمریکاو ئینگلیز. توانیمان لە کوردستانە ئازادەکەی خۆماندا گەشەکردنی کۆمەلاٌیەتی وخوێندەواری و سیاسی و ئابوری بەدیبهێنین و کوردستانەکەمان بکەینە نموونەیەك کە ئێستا خەڵك دێت لەهەموو شوێنێکەوە دێت کە گۆڕانکاریەکی گەورە هەیە لە کوردستاندا."

پارێزەری ئەمریکاو ئینگلیز لە چی بوو؟ ڕاستی ئەوان ئەو 12 ساڵە لەپاڵ چ سیاسەتێکی تاوانکارانەی خۆیاندا وایان نیشان ئەدا کە پارێزگاریی لە خەڵکی کوردستان ئەکەن؟ ئەوان لە کێشمەکێشی خۆیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا، ئەمانیان وەك کارتێکی فشار بەدەستەوە گرتبوو (تازە کارتێکی سووتاویش). بەلاٌم کە ئیدارەکەی کلینتۆن لە چەلەبی وسامەرائیش بێ ئومێد بووبوون، وە ئەسڵەن متمانەیەکی ئەوتۆشیان بەمان نەبوو، بەبەرچاویانەوە پارتی دەستی لەشکری بەعسی گرتوو هێنایەوە سەر خەڵك و لە هەولێر گەورەترین تاوانیان خوڵقاند، وە یەکێتیشیان تا ئەو دیو سنوورەکانی ئێران ڕاونا، فزەیان نەکرد. ئەو کات تاڵەبانی چی ووت، بێجگە لە گلەیی و پرتەو بۆڵەیەکی ژێرلێوانە لە ئینگلیزو ئەمریکای هاوپەیمانی و هاوکاتیش پاڵ دان بە کاتیۆشاکانی جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە تا کەمێك هێزهاوسەنگی خۆی لە بەرامبەر پارتیدا بەرز بکاتەوە، هیچی تری پێ نەبوو. (من لەسەر ئەو هاوپەیمانێتیەی تاڵەبانی لەگەڵ ئەمریکادا باسی ئەکات لە بەشەکانی تردا درێژتر قسە ئەکەم). خەڵك لە "کوردستانە ئازاد"ەکەی تاڵەبانی لە 13 ساڵی ڕابردوودا، چۆن ژیانیان گوزەراند؟ ئایا هەرگیز خەڵك لە ژێر سایەی حاکمیەتی ئەواندا بۆ لەحزەیەکیش سەری ئارامی خستە سەر سەرین لەوەی کە بەعس ناگەڕێتەوە کوردستان؟! هەموو لەحزەیەك خەڵك چاوەڕوانی ئەوەی لێ ئەکردن کە بەعس بهێننەوەو مفاوەزە بکەنەوە. خۆ

موکەرەم تاڵەبانی هەر پێیەکی لای ئێوە بوو! 13 ساڵە ئێوە دەستتان بەسەر داهاتی کوردستاندا گرتووەو گیرفانی خۆتانی لێ پڕ ئەکەن‌و زیادەکەشیتان لە بانکەکانی ئەوروپا هەڵگرتووە. تەنانەت ئەوەی کە بەناوی نەوت بەرامبەر بە خۆراك ئەبوایە بدرایە بە خەڵك‌و کۆمەڵگای پێ ئاوەدان بکرایەتەوە، ژێر بە ژێر لەگەڵ دام‌و دەستگاکانی UN بۆ خۆتانتان ئەبرد. ئەتوانیت بەخەڵك بڵێیت پارەی شۆفڵ‌و ئامێرە ئاودیوکراوەکان‌و سەددی بێخمەتان چی لێ کردو کوا پارەکەی؟! ئەتوانی بە بەڵگەوە ئەوە بسەلمێنیت کە خۆت‌و مەسئولینی ووردو درشتت، ئەو هەموو ئەرزەو خانووو موڵك‌و سەیارەو....هتد. ەتان لە کوێوە هێناوە؟! ئەوەی هەمووی موچەی خەڵك‌و پارەی نەدراوی خەڵك‌وداهاتی خەڵکە،و ئێوە دزیوتانە. کامە گەشەسەندنی خوێندنت مەبەستە، بەڕێز تاڵەبانی؟ ئەو سیستمەی کە لەسەرەتای دەستبەکاربوونتاندا جەرائەتتان نەئەکرد ڕەسمەکەی صدامیش لاببەن؟! ئەو گەشەسەندنەی کە هەمان پەیرەوی پەروەردەیتتان پیادە کردووە کە ئەو ڕژێمە ئەیکرد؟! تا ئەم دواییانەش لێدان لە منداڵ بەشێکی دانەبڕاوە لە قوتابخانەکان‌و ئەشکەنجەی منالان ئەدەن؟! ئەگەرچی بە بڕیارێکی سەر کاغەز دەرچووە، بەڵام ئەتوانیت پێمان بڵێیت بۆچی دەستی ئەو مامۆستا موسوڵمانانەتان بۆ ناگیرێت کە پێیان وایە کوتەك لەبەهەشتەوە هاتووە؟ کامە پێشکەوتنی زانستی‌و بردنە سەری خوێندنت مەبەستە؟ ئەوەی کە هێشتا بە (الحمد لله)و ئاگری جەهەنەم‌و ترس‌وتۆقاندن لە مەنهەجەکاندا، منالانتان شێت کردووە؟ وە نموونەی تر کە نیشانەی نەك پێشکەوتن بگرە دواکەوتوویی ئێوەو سیستمەکەتان‌و پەروەردەکەتان‌و یاساکانی ناو قوتابخانەکانی ئێوەیە. ئەو گەشەکردنە کۆمەڵایەتی‌یەی کە تۆ ناوی ئەبەیت، لەسایەیدا هەزاران ژن تیرۆر کران! ئێوە داهێنانێکی هیتلەری‌یانەتان لە دژی ژنان هێنایەوە ناو کورستانەوە. دەستی هەرچی ژن کوژو عەشیرەت‌و کۆنەپەرست‌و پیاوسالارە کردتانەوە کە لە ناو ماڵەکانیاندا زیندان‌و کەلەپچە بۆ ژنان ساز بدەن، بیانکوژن‌و لاشەکانیان فڕێ بدەن، مەجبوریان بکەن بە ئاگر ژیان لە خۆیان بسەننەوە.....هتد. ئێوە بە لولەی چەکەکانتان‌و بە زیندان‌و ئاسایشەکانتان‌و بە کۆنەپەرستی‌و دواکەوتووی‌و فەرهەنگی عەشیرەتیتان، بەرامبەر بەخەڵکی موتەمەدین‌و پێشکەوتووی کوردستان وەستان‌و لەپاڵ سوود وەرگرتن لە گەمارۆو برسێتی‌و نادیاری چارەنووس دا، گەورەترین پاشەکشەی مەعنەویتان بەسەر خەڵکدا فەرز کرد. گەر خەڵکی دەرەوەی کوردستان بێن ئێوە ئەم ڕاستی‌یانەیان لێ ئەشارنەوە. کەسانێکیش کە دۆستی ئێوەن‌و وەك خۆتان بیر ئەکەنەوە، ئەوە نموونەی ئەو ئاوەدانی‌و گەشەکردنەی باسی ئەکەیت، ئەکەنە زوڕنا‌و لە ڕاگەیاندنەکانی خۆتانەوە ئەیژەنن. ئەمە هێشتا بەشێکە لە دەسەڵاتە دژی خەڵکی‌یەکەتان. ئەوەندەشی بە دیموکراسی‌یەکەتان ئەگەڕێتەوە لە بەشەکانی تردا باسی ئەکەم.

2004/07/19